# خوێندنەوەی شوێن: پارک

سەردار عەزیز

پارک وشەیەکی ئینگلیزیە، هەروەها لە زمانی کوردیشدا بەکاردێت. لە فەرهەنگی ویبستەری زمانی ئینگلیزیا، وشەی پارک بەم شێوەیە لێکدراوەتەوە؛ شوێنێکە بۆ بەکارهێنانی گشتی لە ناو یان نزیک شار. لە رەسەندا وشەی پارک فەرەنسیە بە مانای پارچەیەکی پارێزراو دێت. ئەگەر لە مانا ئینگلیزیەکەی وشەی پارک وردبینەوە، کە لە زمانی کوردیشدا هەر بەو مانایە بەکاردەبرێ، ئەوا دوو چەمک لە ماناکەدا دەبینین؛ یەکەم شوێنی گشتی، دووەم شار. کەواتە ئەتوانین بڵێین پارک بەشێکە لە شار وە هەروەها لە تایبەتمەندیەکانی ئەوەیە کە بۆ بەکارهێنانی گشتیە. بەڵام ئەم پەیوەندی و تایبەتمەندیە مایەی تێرامانە. ئایا شوێنی گشتی چیە؟ تایبەتمەندیەکانی چین؟ چ رۆڵێک دەبینێ لە رووی کۆمەلایەتی و سیاسیەوە؟

شوێنی گشتی ئەو شوێنەیە، هەروەک جاستۆپ باشلار لە کتێبی ئیستاتیکای شوێندا دەڵێ، کە لە پەیوەندیەکی دیالیکتیکانەدایە لە گەڵ شوێنی تایبەتدا. شوێنی تایبەت بە گشتی دەتوانرێ بوترێ شوێنێکە وەک ماڵ. لێرەوە هەموو ئەو چالاکیانەی کە مرۆڤ پێی هەڵدەستێ لە شوێنە گشتیەکاندا جودا و پەیوەندیدارە لەگەڵ ئەو چالاکیانەی کە لە شوێنی تایبەتدا پێی هەڵدەستێ.

شوێنی گشتی هەردەم بەشێک بووە لە شار. لە کۆنترین دەقی نوسراو کە لە بەردەماندایە کە دەقی ئەفسانەی گەلگامیشە، بە شێوەیەکی دیارو راشکاوانە باس لە هەبوونی شوێنی گشتی ئەکات لە شاری ئورک.

لە شوێنی گشتیدا ئەوی تر ئامادەی هەیە. ئەوی تر کە هەردەم نەناسراو و نامۆیە. بۆیە بوون لە شوێنی گشتیدا بوونە لە جێگایەکدا کە پەیوەندی تیا رودەدات. هەر لەم روانگەیەوە زۆر لەوانەی کە دەربارەی شوێنی گشتی نوسیویانە، هەبوونی شوێنی گشتی بە یەکێک لە بنەماکانی دروست بوونی کۆمەڵگایەکی تەندروست و دیموکرات دائەنێن. ئەگەرچی شوێنی گشتی یان پارک بە شێوەیەکی گشتی مانایەکی پۆزەتیفی هەیە بەڵام وەک زۆربەی شتەکانی تر لە کۆمەڵگادا لە روویەک زیاتری هەیە، وە دەتوانرێ بۆ گەلێک مەبەستی جیاواز بەکاربێت. ئەگەر لە هەردوو وشەی شوێن و گشت رابمێنین؛ ئەوەمان بۆ دەرئەکەوێ شوێنی گشتی، پانتاییەکە ئەگەری ئەوە هەیە کە هەمووان تیا کۆببنەوە. ئەم تایبەتمەندیە وەهای لە شوێنی گشتی کردوە کە هەردەم ببێتە شانۆی دەسەلات. دەسەلات وەک چەمکێ لە هەناویا خوازیاری گشتگیری هەڵگرتوە، بە مانایەکی تر دەسەلات هەردەم لە هەڵپەی ئەوەدایە خۆی بە سەر هەمواندا بسەپێنێ. هەروەها دەسەلات لە میانەی پراکتیزەکردنیا پێویستی بە شوێن هەیە، بۆیە دەسەلات و شوێنی گشتی لە عەشقێکی هەتاهەتایدان. ئاوردانەوەیەک لە مێژووی بەعس بەباشی راستی ئەم تێزەمان بۆ روون ئەکاتەوە. بەعس لە شوێنە گشتیەکانا بە بانگهێشتکردنی خەڵک هاولاتیانی گوللەباران ئەکرد. هەبوونی وێنەکانی سەدام لە هەموو شوێنە گشتیەکاندا، (هەرچەندە وێنەی سەدام لە ماڵەکانیشدا بوونی هەبوو)، هەوڵدانێک بوو بۆ ئەوەی بە خەڵکی بڵێت، پێش هەموو شتێ منت لە یاد بێت. کە بیرۆکەیەکە رەگی لە ئایندایە. لە سەر موسوڵمان ئەرکە کە هەردەم زیکری خوابکاتەوە. بۆیە لە عێراقی سەردەمی سەدامدا شوێنێک نەبوو شوێنی گشتی بێت. چونکە یەکێک لە تایبەتمەندیەکانی شوێنی گشتی ئەوەیە کە مرۆڤ بە ئازادانە تیایدا دەتوانێ نوێنەرایەتی خۆی بکات.

لە مێژوودا شوێنی گشتی بەکارهێنان و تایبەتمەندیەکانی گۆراوە بە گۆرانی دەسەلات لە کۆمەڵگادا. تا سەدەی هەژدە لە رۆژئاوا، بە پێی کتێبی دیسپلین و دەسەڵاتی فۆکۆ، شوێنی گشتی بۆ مل لێکردنەوەی ئەوانە بەکارئەهات کە سزای مەرگیان بەسەردا سەپێنرابوو. ئەم ریچواڵە لە یەک کاتدا بۆ چەند مەبەستێکی جیاواز بەکاردەهات. لە کاتێکا بۆ چاوتۆقاندن و ترساندی خەڵکی بەکاردەهات ، لە هەمانکاتدا وەک شانۆگەریەک لە دیمەنێکی ئاهەنگ سازیا بۆ خەڵک سازدەکران. کە دەکرێ بە ئاشکرا رەگی بگەرێتەوە بۆ سەردەمی ئیمپراتۆریەتی رۆمانی کە تیایا سازکردنی ئاهەنگ و زۆرانبازی و سیرک رۆڵێکی رامیاریان دەبینی لە رامکردنی خەڵکی رەش و رووتدا. هەرچەندە دەسەلات لاوازی خۆی دەرئەخات کاتێک کە بەشێوازێکی ئاشکرا لە شوێنە گشتیەکاندا پراکتیزە دەکرێ. لە هەمانکاتدا هەژاری تێگەیشتنی ئەو جۆرە دەسەلاتە دەرئەخات بۆ سروشتی مرۆڤ و تاوان. بۆ نموونە ئەو دیمەنە ناسراوەی کاتێک هێزەکانی تالیبان مێشکی ژنێکیان لە یاریگایەکی تۆپی پێدا لە بەردەم هەموو ئامادەبواندا لە پێش دەستپێکردنی یاریەکەدا هێنایەخوارێ. ئەمرۆ لە رۆژئاوا شوێنی گشتی بەشێوازێکی جیاواز لە ژێرمەترسیدایە. ئەم مەترسیە رەنگە لە هەندێ روەوە شارە گەورەکانی وولاتانی دەرەوەی رۆژئاواشی گرتبێتەوە. ئەویش مەترسی رێکلامە. رێکلام یان ئەدڤێرتسمێنت، کە لە پارک و سەرجەم شوێنە گشتیەکاندا ئامادەیەکی بەرچاوی هەیە، رێرەوی بیرکردنەوەی کەسی ئامادەبوو لەشوێنی گشتیدا دەگۆرێ. بەجۆرێک هەموو سەردانێک بۆ پارک و شوێنەگشتیەکان خۆئامادەکردنێکە بۆ

بازارکردن. ئەگەر لە وولاتە توتالیتاریەکانا سەرۆک و حکومەتەکەی باڵادەستن ئەوا لە دەوڵەتی دیمۆکراسیا بازار دەسەلاتی بالایە.

## شوێنی گشتی و ئەخلاق

پیاو لە دەرەوەو ژن لە ماڵەوە. ئەمە ئەو هێراکیەیە کە بەدرێژایی میژووی زانراوی مرۆڤ کاری پێکراوە. ئەم شێوازە بەردەوام بوو تا نیوەی یەکەمی سەدەی بیست. بۆیە بەدرێژایی میژوو دەرەوە و شوێنی گشتی وەها سەیرکراوە کە پانتاییەکە ئافرەت نابێ تیا ئامادەبێت، چونکە لەشوێنی گشتیدا ئافرەت توشی کێشەی ئەخلاقی دەبێت. ئەم دابەشکردنەی شوێن هەندێک تێروانینی دروستکردوە کە وەهای لێکبدەنەوە شوێنی سروشتی ئافرەت ماڵە و شوێنی سروشتی پیاو دەرەوە (شوێنی گشتی). ئەم تێروانینە لە عەقڵی رۆژئاوادا ئامادەیی بەرچاوی هەیە، هیگل بروای وابوو کە ئافرەت بونەوەرێکی پلە دووە دەبێ لەماڵەوە کاری بەرێوبردنی ماڵ و کاروباری خێزانە. ئەم تێگەیشتنە هەرچەندە لەلای فیمنستەکان بەرپەرچ دراوەتەوە بەلام هێشتا بەشێکی زۆری پانتایی عەقلی رۆژئاوای داگیرکردوە. ئیمانوئێل لیڤیناس لە کتێبی گشتگیری و هەتاهەتای لەدەرگایی ئەم باسە ئەدات. بەلای لیڤیناسەوە ماڵ شوێنێکە کە پێویستە بۆ بەرقەراربوونی ژیانێکی مانادار. بۆ ئەوی ماڵ ئەو رۆڵە بەشێوەیەکی باش بگێڕێ ئەوا پێویستە پیاو تیایدا هەست بە "بەخێرهاتن" بکات. ئەم هەست بە بەخێرهاتن کردنە تەنها لە ئامادەبوونی کەسێکی ترەوە دەبێ لەماڵدا کەئەویش ئافرەتە. هەرچەندە لیڤیناس وەهای دائەنێت کە ئەو بە گژ ئەو تێروانینە فەلسەفیانەدا ئەروات کە گشتگیری و هەتاهەتایی بەکاردەبەن بەلام لە هەمان کاتدا خۆشی بەهەمان زاراوەوە تێروانین بیرئەکاتەوە.
لە کۆمەڵگای کوردیا ئامادەبوونی ئافرەت لە شوێنی گشتیا ئامادەبونێکی نەشیاوە. ئەمە بە مانای ئەوە نایەت کە ئافرەت لەشوێنی گشتیدا ئامادەیی نیە، بەڵکو ئامادەبوونی لەشوێنی گشتیدا ئامادەبوونێکی ناچاریە. بەمانایەکی تر ئافرەت لە شوێنی گشتیدا وەک خۆی ئامادە نیە، ئازادانە ئامادە نیە، چالاک نیە.

## شوێنی گشتی و منال

بەندی سی و یەکی پەیماننامەی مافی منال، کە لە 20 نۆڤەمبەری ساڵی 1989 لەلایەن نەتەوە یەکگرتوەکانەوە نوسراوەتەوە و لە 2 سیپتەمبەری ساڵی ساڵی 1990 خراوەتە کار، داوا لە وولاتانی ئەندام دەکات کە مافی منال لە حەوانەو چێژوەرگرتن و بەشداریکردن لە یاری و چالاکیە داهێنەرەکاندا بە پێی تەمەنی دابینبکرێ، هەروەها دەرفەتی بۆ بخولقێنرێ بۆ ئەوەی ئازادانە لە ژیانی کەلتوری و هونەریدا بەشداربێت. ئەگەر منال مافی خۆی بێت یاریبکات و چێژی لێوەرگرێ ئەوا بۆ ئەوەی ئەوەی ئەو مافە بەرقەرابێت پێویستە شوێنی بۆ دابینبکرێ. بۆیە دەکرێ بوترێ زۆربەی ئەو چالاکیانە لەو شوێنانەدا بەرێوەدەچێ کە دەکرێ شوێنی گشتی بن. ئاینی ئیسلام بێبەزەییانە هەڵسوکەوت لەگەڵ منالدا ئەکات. منال لە ئایندا لەگەڵ سەروەت و ساماندا ناوی هێنراوە و هەردووکیان بە جوانیەکانی ژیانی ئەم دونیایە سەیرکراون. ئەوەی جێی سەمەرەیە لە ئایندا گوێ بەوە نادرێ مافی منال وەک منال بپارێزرێ بەڵکو منال دەبێ رابهێنرێت، بخرێتە سەر رێگای راست، هەردەم ئامۆژگاری بکرێ، ئەگەر پێویستی کرد لێدان بکرێ. بەجۆرێک ئەگەر منال لێدانی خوارد ئەوا واباشترە لە تاوئازاردا هاوارنەکات. ئەمانە هەموو ئەو ئامرازو شێوازانەن کە ستراکتوری دەسەلات کە کۆمەڵگای باوک سالاریا وێنائەکەن. بۆ ئەوەی باوک خاوەنی ئەوپەری دەسەلات بێت دەبێ ژن و منالەکانی لە هەناوی ماڵەکەیا بمێنەوە چونکە لە ماڵدا بە پێچەوانەی دەرەوە دەسەلاتی باوک دەگاتە هەموو کونج و کەلەبەرێ. بۆیە لەکۆمەڵگای رۆژهەلاتی ئاینیدا ئەگەر پێویست نەبێ ئەوا جگە لەباوک کەسیتر پێویست ناکات بڕواتە دەرەوە. بەم پێیە شوێنە گشتەکان شوێنە نەمانی دەسەلاتی باوکە، شوێنێکی پڕ لەخراپەو گوناهە. ئەم رەنگ دانەوەیە بە ئاشکرا لە ئەندازیاری شوێنە گشتیەکاندا دیارە. بۆ نموونە ئەگەر سەردانی هەر مزگەوتێک بکەیت لە سلێمانی ژمارەی ئەو ئاودەستانەی بۆ ئافرەتان تەرخانکراوە هەردەم لەیەک یان دوو ئاودەست زیاتر نیە، لە بەرامبەردا ئاودستخانەی پیاو ژمارەی رەنگە دە جار زیاتر بێت، لە کاتێکا زۆر مزگەوت هەن کە ئاودەستی تایبەتیان بۆ ئافرەت نیە. ئەم تەرخانکردنە لە بونیادێکی عەقلیەوە هاتوە کە ئافرەت ژمارەیان لە دەرەوە لە بەرامبەر پیاودا زۆرکەمە.

## شوێنی گشتی و دیمۆکراسیەت

ئەگەر مرۆڤ ئاژەڵێکی رامیاری بێت بە سروشت، ئەوا لە هەناویا ئارەزوی گەشتن بەئەوی تری هەردەم ئامادەیە. ئەم گەشتن بە ئەویترە ناتوانرێ بە شێوەیەکی پراوپر لە شوێنی تایبەتدا ئەنجام بدرێ. چونکە شوێنی تایبەت (ماڵ) خاوەنداریتی ئەکرێ لەلایەن کەسێکەوە، بە جۆری ئەو شوێنە لە بنەرەتا رەنگدانەوەی ویست و ئارەزوەکانی تاکە

کەسێکە بۆیە ئەوی تر تیایا میوانە، وە لەهەمانکاتدا نامۆیە. بەڵام بە پێچەوانەی ئەمەوە شوێنی گشتی مۆرکی خاوەنداریێتی و تاکە کەسی تیا دیارنیە لەبەر ئەوە کەس لە شوێنە گشتیەکاندا میوان نیە. لێرەوە شوێنی گشتی ئەو ناوەندەیە کە بێلایەنە و زەمینە بۆ ئەو کەسانە دەخولقێنی کە تیا ئامادەن بە یەکسانی نوێنەرایەتی خۆیان بکەن.

ئەگەر پۆلەتیک یان سیاسەت ڕێکخستنی کاروباری گشتی کۆمەلگا بێت ئەوا شوێنی گشتی ڕۆڵێکی هیجگار گەورە دەبینێ لە دەستەبەرکردنی پۆلەتیکدا. ئەگەر هەرکارێکی سیاسی نەتوانێ بەئاشکرا بێتە گۆرەپانە گشتیەکان ئەوا ناوی کاری نهێنی لێئەنرێت، کە تایبەتمەندی خۆی هەیە. لێرەوە سیاسەت و دەرەوە لە بەیوەندی پێکەوە ژیاندان وەک ئاوو ماسی. هەر ئەمەش وەهای کردوە کە پۆلەتیک وەک چالاکیەکی کۆمەڵایەتی مۆرکی پیاوی بەسەرا زاڵ بێت، ئەمە نەک هەر لە ڕۆژهەڵات بەڵکو لە ڕۆژئاواش. هەتا ئەمرۆش زۆربەی ئافرەتان لە بواری رامیاریدا ئەو وەزارەتانە وەرئەگرن کە بەشێوەیەکی گشتی خزمەتگوزارین. تا ئێستا وولاتێکی گەورەی وەک فەرەنسا یەک ساڵ سەرۆک وەزیرانێکی ئافرەتی هەبوو ئەویش ناچارکرا دەست لەکاربکێشێتەوە، ئەمریکا بە هیچ جۆرێ ئامادە نیە بۆ سەرۆک کۆمارێ ئافرەت. (لە هەموو تەمەنی سیستەمی کۆمیونیزمدا ئافرەتێ نەگەشتە سەر دەسەڵات، کە هیچ جۆرێ مایەی سەرسورمان نیە.)

لە کۆتایدا بۆ ئەوەی کۆمەڵگایەکی مەدەنی تۆکمە بونیادبنرێت، دەبێ شوێنی گشتی پانتاییەک بێت کە ژن و منداڵ و گەورە بەبێ جیاوازی ئازادانە بتوانن نوێنەرایەتی خۆیان تیابکەن وەک هاوڵاتیەک. دیارە چەمکی هاوڵاتی لێرەدا گرنگە چونکە چەندێک ماف بەرجەستە ئەکات هێندەش بەرپرسیارێتی دەخاتە ئەستۆ.